سینیاکەڤای چیکی بووە پاڕەوانی تەنسی چین



لە پاڕەوانێتی تەنسی چین کاترینا سینیاکەڤا لە ماریا بوزکەڤای بردەوە و پاش ئەوەی یاریەکە زیاتر لە سێ کاتژمێری خایاند.

کاترینا سینیاکەڤای چیکی کە لە پلەی 60ی جیهاندایە ، پێنجەم نازناوی لە ژیانی وەرزشیدا بەدەستهێنا پاش ئەوەی لە پاڕەوانێتی تەنسی نانچانگی چینی لە هاونیشتیمانی ماریا بوزکەڤای بردەوە کە لە پلەی 29ی جیهان بوو.

سینیاکەڤا ئەمساڵ لە دژترین یاری کۆتایی پاڕەوانێتیی پیشگەرانی ئافرێتان پێویستی بەسە کاتژمێر و 32 خولەک بوو بۆ ئەوەی یاریەکە لە بەرژەوەندی خۆی بە ئەنجامی شەش بە یەک و حەوت بە شەش و حەوت بە شەش یەکلایی بکاتەوە.

ئەمە دووەم نازناوی سینیاکەڤایە لەمساڵدا، دوای ئەوەی لە مانگی تەممووزی ساڵی ڕابردوودا پاڕەوانێتی باد هامبەرگی ئەڵمانیا بەدەستهێنا.